# بە گەڕانەوەی سەدر بۆ کایەی پرۆسەی سیاسیی عێراق، چی لە هاوکێشەکان دەگۆڕێت؟

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**وێنای بارودۆخی ئێستای عێراق**

سەقامگیری لە مێژووی سیاسیی عێراق، هیچ کات بەردەوام و هاوتەریب نەبووە لەگەڵ گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، تەواوی گرفتەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە دەسەڵات بەڕێوە دەبەن؛ هەرگیز پرۆژەیەکی نیشتمانی ـ دیموکراسییان نەبووە و، پابەند نەبوون بە دەستوورەوە. ئەگەر تۆزقاڵێک وەخۆیان کەوتبن و هێزیان لێ پەیدا بووبێ، پەلاماری دەوروبەرەکەی خۆیان داوە؛ لە پێش هەموویانەوە، ئەوانەی کە لەگەڵ خۆیان هاوڕا نەبوون. ئەو وێنەیە بۆ ئێستای عێراقیش هەر دروستە؛ وڵاتێک بەبێ قەیرانی بەردەوام، ناتوانێ بژی، گەرچی لەسەر ئاستی گوتاری سیاسی، هەمووان بانگەشەی نیشتمانپەروەری، دادپەروەری و برایەتی دەکەن، بەڵام بۆ تۆزقاڵێکیش ناتوانن بەو پڕەنسیپانەوە پابەند بن. ئیدی لەو وەتەرەوە وڵاتەکە و دەسەڵاتە سیاسی و بکەرەکانی هەڵبسەنگێنە. کەسیش نییە گەرەنتیی قۆناغێکی دیی دوای ئێستا بکا، بەڵکوو بەردەوام یان خولانەوەیە لەناو بازنەیەکی بەتاڵ، یان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

عێراق لە ساڵی 2024 لە ژانی وەرچەرخانێکی سەرەکیدایە، بەڵام هەندێ هۆکار ڕای گرتووە. قەیرانەکان هەمان ئەوانەی پێشوون و بەمیرات ماونەتەوە و هی تازەیشی لەسەر کەڵەکە بوون. **ئەو قەیرانانەی کە دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای عێراقی سەرقاڵ کردوون:**

- چۆنێتیی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانە. کورد و سوننە و سەرۆکوەزیرانی عێراق و تەنانەت هەندێ لە ڕەوتە شیعییەکانیش نایانەوێ بچنە دەرەوە، چونکە واقعێکی تری دژوارتر لەوەی ئێستا بۆ وڵات دێتە ئاراوە. ئەوەیش دۆسیەیەکی سەرەکیی سەردانەکەی سوودانییە بۆ ئەمریکا.
- بارودۆخی ئابووریی وڵات تا دێت بەرەو خراپتر دەچێ. حکوومەتی فیدراڵ تا هەنووکە نەیتوانیوە بێجگە لە دابینکردنی مووچە، ئەو بوودجەیەی لە وڵات پەسەند کراوە لە واقعدا جێبەجێی بکات؛ پرۆژەکان وەستاون؛ حکوومەت خۆی خستۆتە ژێر بارگرانییەکی بێشومار و ئەوەندەیش پارەی نەختینەی لەبەردەست نییە؛ بانکی ناوەندیی عێراق بەردەوام دراوی نوێ چاپ دەکات و پێداویستییەکانی پێ دابین دەکات، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە پرۆژە ستراتیژییەکانی تەواو بکات. وڵاتی عێراق خاوەنی نزیکەی 112 ترلیۆن دینارە، بەڵام تەنیا نزیکەی 15 ترلیۆن دیناری لە بانکەکانی خۆیدایە؛ واتە وڵاتەکە هەر ساتێک بێت مەترسیی مایەپووچبوونی لەسەرە. هەر بۆیە چەندان جار مانگانە چەند ڕۆژێک لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق مووچە بەو هۆکارەوە دوا دەکەوێ؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە قەیرانی دۆلار مەترسییەکی جدیی ئەو وڵاتەیە و هەڵوێستی عێراقی لە بەرامبەر ئەمریکا تەواو لاواز کردووە و کاریگەریی لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی هەیە.

- گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان کەمێک بەرەو خاوبوونەوە دەچێت، بەڵام گەرەنتیی کەمە، چونکە ئەوەی کە ئێستا هەیە و حکوومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێمی دەکات، پێچەوانەی ئەجێندا دەرەکییەکەیە؛ پێ ناچێ دوای سێ مانگی تر بەردەوام بێت.
- تا ئێستایش تیرۆر هەڕەشەیەکی جددییە لەسەر ئەم وڵاتە. ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان نەبن، عێراق توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لە دژیان نییە. ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییش هەر شەش مانگ جارێک ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە.
- پشێوی و شڵەژاوی و ناسەقامگیری و جەنگ لە ناوچەکە؛ کە هەر ساتێک بێت، دوور نییە عێراق ببێتە لایەن لە هەر جەنگێکی ناوچەیی ئەگەر هەڵبگیرسێ.
- نفووزی ئێرانی بەسەر عێراقەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وڵاتەکە بەرەو پشێوی و ململانێ و لێکترازانی زیاتری ناوخۆیی دەبات و هیچ متمانەیەک بە پرۆسەی سیاسیی وڵات نەماوە. ئەو ڕۆڵەیش ڕەوتە وەلائییەکانی سەر بەو وڵاتە لە عێراق دەیگێڕن و دەستیان بەسەر تەواوی جومگەکانی پرۆسەی بڕیاردروستکردنی عێراقدا گرتووە؛ کە ئەمەیش نیگەرانیی هاوپەیمانان و وڵاتانی ناوچەکە و کورد و سوننە و هەندێ لە ڕەوتە شیعییەکانی عێراقی لێ کەوتۆتەوە.
- هەڕەشەی ژینگە؛ کە ئەمەیش عێراق دووچاری چەندان قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و... دەکاتەوە.
- تەواوی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، خەریکە زەمینەیەک بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان دێننە ئاراوە کە لە سەرەتای 2025 ئەنجام بدرێ.

**بەڵام لەو بارەیەوە پرسیارێکی جەوهەری قوت دەبێتەوە: ئەگەر وڵات بەو شێوەیەیە، ئەدی چی ڕای گرتووە؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ ئاماژە بە چەند هۆکارێک بدەین، لەوانەیش: ململانێی ئەمریکا و ئێران لەم قۆناغەدا جۆرێک لە خاوبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە؛ هیچ کامیان ویستی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپاییيان دەرهەق بەویدی نییە. لە لایەکی تریشەوە بەهۆی هاتنەکایەی هەندێ ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدا، ململانێ ناوخۆییەکە کەمێک خاو بۆتەوە، بەتایبەت دوای چارەسەری کاتی بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. هەروەها یەکێ لە خاڵەکانی تر ئەوەیە کە خودی چوارچێوەی هەماهەنگی تا ئێستایش هەر بە هاوتەریبی لەنێو خۆیدا ماوەتەوە؛ لەسەر ئاستی پەرلەمان، حکوومەت، ئەنجومەنی پارێزگاکان، هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، چونکە چوارچێوەی هەماهەنگی مەبەستییەتی ئەو لە دەسەڵات بمێنێتەوە. لەو پێناوەیشدا بۆ مانەوەی خۆی، هەندێ سازش لەگەڵ ئەمریکا و هەرێمی کوردستان دەکات؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا گەڕانەوەی ڕەوتی سەدر نەبۆتە بڕیارێکی جددی و هەڕەشە بۆ سەریان.

بەرزیی نرخی نەوتیش یەکێکی ترە لە خاڵە بەهێزەکانی مانەوەی حکوومەتی عێراق، کە لەوێوە دەتوانێ مووچە دابین بکات و کورتهێنانەکانیشی پڕ بکاتەوە. خۆ ئەگەر نرخی نەوت لە خوار حەفتا دۆلار بوایە کارەسات لە وڵات دەقەوما. دواتریش مانەوە و بوونی سوودانی لە دەسەڵات یەکێکی ترە لە بنەماکانی مانەوەی عێراق کە توانیویەتی جۆرێک لە هاوسەنگی بپارێزێ و لەسەر ئاستی جەماوەر خۆی بسەلمێنێ.

**کەواتە ئایا سەدر کەی دەگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی؟**

گەڕانەوەی سەدر تەنیا بابەتێکی پەیوەست بە کاتە و بەس. ئەو دەگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی لەم حاڵەتانەی خوارەوە: دروستبوونی قەیران و پشێوی، زۆربوونی ناڕەزایەتییەکانی ناو پێکهاتەکانی وڵات، بەتایبەت کە ئێستا نیگەرانییەکانی کورد و سوننە و هەندێ لایەنی شیعی پەرەی سەندووە؛ یان ئەگەر کورد و سوننە داوای لێ بکەن، کە ئەوەیش لەسەر کورد و سوننە زۆر دەشکێتەوە: ئەو وەک ڕۆڵی فریادڕەس بەدەر دەکەوێتەوە، دووبەرەکی و لێکترازانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان وەک ئەوەی ساڵی 2019، لێکنزیکبوونەوەی سوودانی و سەدر، تێکچوونی پەیوەندیی نێوان چوارچێوەی هەماهەنگی و سوودانی، بەتایبەت لەگەڵ مالیکی- چونکە نەبوونی پەیوەندیی دروست لەلایەن بەغداوە لەگەڵ سوننە و کورد زیاتر باکگراوندەکەی لەلایەن مالیکییە و هەر ئەویش هۆکار بووە، دواتر، نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ساڵی 2025.

**دەرفەتی لێکنزیکبوونەوەی سەدر و مالیکی لە دژی سوودانی**

ئەو دەرفەتە چانسی کەمە؛ هەرچەندە بۆتە خولیای مالیکی، بەپێچەوانەی قۆناغی پێشوو. ئەو هۆکارانەیش کە دەبنە ڕێگر، پێ دەچێ چەند جۆرێک بن، وەک: گرفتی بەمەرجەعییەتبوونی سەدر بۆ مالیکی، کە ئەمە بۆ مالیکی جێی قبووڵ نییە و سەدریش بە مافی خۆی دەزانێ. تا ئێستا پەیوەندیی سەدر لەگەڵ سوودانی باشە و، سوودانی لە ماوەی حوکمڕانییەکەی کارێکی وای نەکرد سەدر نیگەران بکات. لەو بارەیەوە مێژوویەکی پڕ لە ململانێ و ناکۆکی لە نێوان سەدر و مالیکیدا هەیە. سەدر مالیکی بە "شێرپەنجەی سیاسیی عێراق" دەزانێ!

سوودانی لە ماوەی حوکمڕانییەکەیدا تا ڕاددەیەکی باش هاوسەنگیی پاراستووە. سوودانی تا ڕاددەیەک لەلایەن ئەمریکا و ناوچەکەوە کەسایەتییەکی سیاسیی قبووڵکراوە. سەدر هیچ پێویستیی بە مالیکی نییە، چونکە خۆی ڕەوتێکی تەواوە و لەگەڵ هەر لێکنزیکبوونەوەکی جددیی نێوان سەدر و مالیکی، زەرەرمەندی یەکەم سەدرە و قوتاربوونی مالیکییە لە پاشەکشەی سیاسی.

**مالیکی لە سوودانی نیگەرانە؟ بەڵێ نیگەرانە، ئەو نیگەرانییەیش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:**

- سوودانی پێشتر لەناو ڕەوتی دەوڵەتی یاسادا بوو، بەڵام لە ساڵی 2019 لێی جیا بووەوە و توانیی چەند کورسییەکی پەرلەمان بەدەست بێنێ. ئەو لە پۆستەکانی تریدا وەک پارێزگار و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا و ئەندامی پەرلەمانی عێراق و وەک وەزیریش، سەرکەوتوو بوو. ئێستا مالیکی نیگەرانی سەرکەوتنەکانی ئەوە؛ وا ئەژماری دەکات کە لەسەر حیسابی ڕەوتی دەوڵەتی یاسایە و هەر سەرکەوتنێک لە پشکی ئەو کەم دەکاتەوە.
- ئەوان بە هەمان شێوازی هێنانی "کازمی"، "سوودانی"شیان پاڵاوت بۆ سەرۆکوەزیران، چونکە هیچ بونیادێکی سیاسیی نەبوو لە پەرلەمان و وەک دەرچەیەک وابوو بۆ قەیرانی ناو ماڵی شیعە، بەوەی کە لەسەر هیچ کام لە لایەنەکان ئەژمار نەکرا. بەڵام ئێستا بەهۆی هاوسەنگی و ئەرێنییەکانییەوە ڕەهەندێکی جەماوەریی بۆ خۆی دروست کردووە کە دەبێتە پاشخانێکی باش بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو.
- سوودانی ئارەزووی دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکای نییە؛ ئەو چەند لێدوانانەیش کە پێشتر لەو

بارەیەوە ڕای گەیاندووە، بۆ ڕازیکردنی چوارچێوەی هەماهەنگی بووە.

- سوودانی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوننە و کورد، ویستێکی ئەرێنیی هەیە.
- سوودانی ویستێکی سیاسیی هەیە کە ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بکات، ئەوا بەتەنیا نایکات، بەڵکوو هاوپەیمانێتییەک پێک دەهێنێ لەگەڵ ئەوانەی کە پێشتر لە چوارچێوەی هەماهەنگی دەرچوون و لەگەڵ هەندێ لایەنی تریش کە نیگەرانن لە هەماهەنگی. لەو بارەیەوە مالیکی وا دەبینێ کە ئەو بەئامانج دەگیرێ.
- هاتنەناوەوەی سوودانی، لەسەر حیسابی مالیکی دەبێت و هەماهەنگی پەرت دەکات و بەرەی سەدریش بەهێز دەبێ.
- ئەگەر بەو شێوازەی سەرەوە بوو، چوارچێوەی هەماهەنگی ئەم جارەیان خۆی بۆ کۆ ناکرێتەوە و مالیکی بەتەنیا دەمێنێتەوە.
- پەرتبوونی ماڵی شیعە بوێری لای سوننە زیاتر دەکات و لە قۆناغی نوێدا دێتە پاڵ پارتی.
- لە کاتی هاتنەناوەوەی سوودانی بۆ هەڵبژاردن، تەواوی قەیران و بەرپرسیارێتیی نەرێنیی عێراق دەداتە پاڵ چوارچێوەی هەماهەنگی، لە هەموویشیان زیاتر مالیکی، چونکە ئەو، هەر سێ وەزارەتی هەستیاری نەوت و دارایی و پلاندانانی لایە و بکەرێکی ئەکتیڤیشە لەناو پەرلەمان و، ئەجێندای نیشتمانییشی لاوازە.
- مالیکی لەوە نیگەرانە، کە سوودانی دەتوانێ هاوپەیمانێتییەک لە چەند هێزێکی سەرەکی دروست بکات و نزیکەی 60 کورسیی پەرلەمان بەدەست بێنێ، ئەو هێزانەیش: پارێزگاری بەسرە و کەربەلا و واست و "عەمار حەکیم" و "حەیدەر عەبادی"ن. ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە چوارچێوەی هەماهەنگی، تەنیا میلیشیاکان دەبن، ئەوانیش ئابڕووی سیاسییان لای جەماوەر لە دابەزیندایە و پەیوەندیشیان لەگەڵ مالیکی ئاسایی نییە. هەر بۆیە لەو حاڵەتەدا مالیکی وا دەبینێ کە خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆرترین گوشاری لایەنی شیعەکان و سوننە و کوردی لەسەر دەبێت؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خەونی گەڕانەوەی وەک سەرۆکوەزیران لەبار دەچێ. هەر بۆیە مالیکی تەواوی هەوڵی خۆی دەدا تا سوودانی لیست یان هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو پێک نەهێنێ.

**ئایا هەر بەڕاست، سوودانی ئەو پێگەیەی هەیە تا مالیکی لێی نیگەران بێت؟**

بەڵێ، چونکە سوودانی چەند ڕەهەندێکی بەهێزی هەیە: تا ڕاددەیەک لەسەر ئاستی حکوومەت سەرکەوتوو بوو، هاوسەنگیی لە نێوان لایەنەکاندا پاراست، بوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەمریکا و کورد و سوننە، بوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ سەدر، بوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەو لیستانەی کە لەژێر نفووزی چوارچێوەی هەماهەنگی دەرچوون و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا وەک لە بەسرە و واسط و کەربەلا، لە عەمار حەکیم و عەبادی تەواو نزیکە، کارلێکی باشی هەیە لەگەڵ جووڵانەوەی تشرین کە بەرەیەکی دژ بە چوارچێوەی هەماهەنگییە، نیگەرانیی جەماوەر لە چوارچێوەی هەماهەنگی و وێناکردنیان بەوەی کە چەند لایەنێکی دژوارن و کارەساتبارن بۆ عێراق و، تەواو بە ئەجێندای دەرەکی کار دەکەن.

کەواتە داهاتووی سیاسیی سوودانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لە دوو حاڵەت تێ ناپەڕێ: یان لەناو بازنەی چوارچێوەی هەماهەنگی دەمێنێتەوە و بۆ جاری دووەم پەیمانی سەرۆکوەزیرانی پێ دەدەنەوە، یان ئەوەتا وەک بکەرێکی سیاسیی ڕکابەر بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکات. بەڵام ئایا بۆ جاری دووەم

دەبێتەوە بە سەرۆکوەزیران؟ ئەوەیان کەمێک لێڵە، چونکە بڕیاری کۆتایی دەکەوێتە لای سەدر بە پلەی یەکەم کە تا چەند پشتیوانیی لێ دەکات. بەڵام ئەگەر لایەنەکانی تری ناو ئەجێندا نیشتمانییەکە لەسەری کۆک بن، پێ ناچێ سەدریش لەو بارەیەوە نیگەران بێت.

**سیناریۆکانی داهاتووی چوارچێوەی هەماهەنگی**

**لە سێ سیناریۆدا دەتوانین پوختی بکەینەوە:**

- **پەرتبوونی چوارچێوەی هەماهەنگی و کەمبوونەوەی نفووزی سیاسییان**

ئەوەیش بە دوو هۆکاری سەرەکی دەبێت: گۆڕین و گەڕانەوەی سیستەمی هەڵبژاردن بۆ 83 بازنەکەی پێشوو؛ بەمەیش هەماهەنگی کەمبەها دەبێت و نفووزی ئێرانیش کەمتر و هەستی حزبایەتی و مەزهەبگەرایی توندڕەو بەرتەسکتر دەبێتەوە و ڕۆڵی میلیشیاکانیش لەقاڵب دەدرێ و حوکمڕانییش لە مەزهەبگەرایی دوور دەخرێتەوە و دواتر جەخت لەسەر کەسایەتیی سیاسی و تەکنۆکرات دەکرێتەوە، دادگەی فیدراڵییش ناتوانێ وەک ئێستا شووڵی لێ هەڵکێشێ. هۆکاری دووەمیش پێکهێنانی هاوپەیمانێتییە لەلایەن سوودانییەوە؛ بەوەی کە هەندێ لە بکەرە سیاسییەکانی ناو هەماهەنگی دەربێنێ و بیانهێنێتە لای خۆی. ئەودەمیش مالیکی لە هەماهەنگی دەچێتە دەرەوە، چونکە تەنیا سیمایەکی میلیشیاییی دەبێ و لە بەردەم حکوومەت و ڕای گشتی و نێودەوڵەتی ئاسانتر لەقاڵب دەدرێ و لە پرۆسەی بڕیاردروستکردندا ڕۆڵی سەرەکیی نامێنێ. گەڕانەوەی سەدر و لێکنزیکبوونەوەی کورد و سوننە ئەو کارە ئاسانتر دەکات.

- **مانەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی**

لەو حاڵەتەدا دەبێ سیستەمی هەڵبژاردن وەک خۆی بمێنێتەوە، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕەوتە وەلائییەکان تێگەیشتن بەخۆیەوە دەبینێ؛ بەوەی کە دژی مانەوەی ئەمریکا ناوەستن و هێرشیشی ناکەنە سەر و هەندێ سازشی تریش وەک ئیمتیازات بۆ وەبەرهێنانی ئەمریکی لە عێراق دەکەن، هەروەها هەوڵی ئەوەیش دەدەن کە سوودانی بۆ گەڕێکی تر لە سەرۆکوەزیرانی بمێنێتەوە تا لیست و هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردن پێک نەهێنێ، میلیشیاکانیش بەپێەویی خۆیان دەمێننەوە. بەڵام بارودۆخی عێراق تا بێ بەرەو توندوتیژیی ناوخۆیی دەچێ و گەرەنتیی هێرشنەکردنە سەر هێزی هاوپەیمانان ناکرێ و ململانێی نێوان هەرێم و بەغداش بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار سەر دەکێشێ و دادگەی فیدراڵییش لە ئێستا خراپتر حوکمی عێراق دەکات و پەراوێزێک نامێنێتەوە بۆ ڕێککەوتن و تێگەیشتنی سیاسی.

- **سیناریۆی سێیەم، خۆی لە گواستنەوەی هێزی شیعی لە عێراقدا دەبینێتەوە؛ لە چوارچێوەی هەماهەنگیی ئێستاوە بۆ هاوپەیمانێتییەکی دی کە زیاتر ئەجێندای نیشتمانیی دەبێ و لایەنەکانیشی میلیشیا تێیاندا ئەکتیڤ نین.** ئەو هاوپەیمانێتییەیش: سوودانی، سەدر، عەمار حەکیم، حەیدەر عەبادی دەبن لەسەر ئاستی شیعە. بەو پێیە مالیکی و ڕەوتە وەلائییەکانی سەر بە ئێرانی تێدا نابێت؛ لەسەر ئاستی نیشتمانییش پێ دەچێ کورسییەکانی نەخشەی سیاسیی لێکنزیکبوونەوەکە بەم شێوەیە بێت: ڕەوتی سەدر 70، سوودانی و هاوپەیمانێتییەکەی 60، عەمار حەکیم 15، عەبادی 10، سوننە 50، پارتی دیموکراتی کوردستان 25؛ بەمەیش کۆی کورسییەکانیان دەگاتە زیاتر لە 230. لەو حاڵەتەدا بۆ پێکهێنانی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان

و پێکهێنانی حکوومەت، هیچ پێویستییەکیان بە میلیشیاکان و مالیکی نابێت.

لەم حاڵەتەدا: ئەجێندایەکی نیشتمانیی عێراقی دەبێتە خاڵی هاوبەش، کاریگەریی میلیشیاکان کەم دەبێتەوە، حکوومەتێکی تەوافوقی دێتەوە ئاراوە، پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و هاوپەیمانان دروست دەبێت، تەریکبوونی نفووزی ڕووسیا و چین و ئێران، گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن بۆ 83 بازنە، کەمبوونەوەی کاریگەریی دادگەی فیدراڵی بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە، قۆرخنەکردنی پەرلەمان لەلایەن هێزێکی مەزهەبگەراوە.

**بەڵام بڕبڕەی پشتی ئەو سیناریۆیە، لە گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنەوە دەست پێ دەکات بۆ 83 بازنە بە هەمان شێوەی ساڵی 2021.**

**کاریگەریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق لەسەر ناوماڵی شیعە**

سەرەداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە: ناوماڵی شیعە پەرت دەکات، نەخشەی سیاسیی هاوپەیمانێتییە شیعییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، مەزهەبگەرایی سووکتر دەبێت (کەمتر لەوەی ئێستا)، هەژموونی ئێران کەمتر، دەرچوونی دەسەڵات لەدەست چوارچێوەی هەماهەنگی، دروستبوونی گەورەترین فراکسیۆنی نیشتمانی لەناو پەرلەمان-بەوەی کە بەپێچەوانەی جارانی پێشوو لەسەر بنەمای مەزهەبییەت نابێت-، پەرلەمان لە هەندێ پرۆژەیاسادا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت وەک بوودجە و دادگەی فیدراڵی و نەوت و غاز و ئەنجومەنی هەرێمەکان و هتد.

بەڵام هەندێ ئاڵنگاری هەر دەمێنن، وەک: مەترسیی عێراق لە شەڕی ناوخۆ، بەوەی ئایا میلیشیاکان تەسلیم بە بەرەنجامەکان دەبن؟ ڕۆڵی نێگەتیڤی ئێران چۆن دەبێت؟ ئەجێندای سەدر چییە؟ ئایا سیستەمی هەڵبژاردن دەگۆڕدرێ؟ کێ دەیگۆڕێ؟ چونکە ئەوانەی کە ئێستا لە پەرلەمانن دژی دەوەستن، مەگەر گوشارێکی جەماوەریی زۆر بکرێتە سەر پەرلەمان تا یاسای هەڵبژاردن هەموار بکاتەوە. لەو حاڵەتەیشدا گەرەنتی نییە کە ئایا بێ پشێوی ئەو پرۆسەیە دەچێتە سەر یان نە.

**سەدر و بازنەیەکی فراوانتر لە پەیوەندیی سیاسی**

حکوومەتی داهاتوو و گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان پێویستی بە تەواوی ئەو لایەنە نیشتمانییانە هەیە کە ئاماژەمان پێ دان. بەوەیش پرۆسەی سیاسی لە چەقبەستوویی قوتار دەبێ و بازنەی پەیوەندییە نیشتمانییەکانیش فراوانتر؛ نە کورد و سوننە و سەدر دەتوانن گەورەترین فراکسیۆن و حکوومەت پێک بهێنن و، نە سەدر و سوودانی و عەمار حەکیم و عەبادییش دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵکوو سەرلەنوێ حاڵەتێکی تەوافوقی بۆ عێراق دەگەڕێتەوە و هاوسەنگییش تا ڕاددەیەک بەرقەرار دەبێ.

**ئایا هەڵوێستی لایەنەکان بەرامبەر بە سەدر چۆن دەبێ؟**

هەڵوێستەکان ئەرێنین، بەوەی کە: هیچ کام لە لایەنەکان خۆیان بە ڕکابەری ئەو نازانن، لایەنە شیعییەکانی ناو هەماهەنگی زیاتر لە پشکی هەماهەنگی دەبەن نەک ئەو، پرۆسەی سیاسی بەبێ ئەو سەقامگیریی بەخۆیەوە نابینێ، کورد خۆشحاڵ دەبێ چونکە کەمترین سوود کە چنگی بکەوێ کەمبوونەوەی گوشارەکانی لایەنە شیعییەکانی ترە دژی هەرێم، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان هەر لەو بەرەیەدا دەمێنێتەوە کە لایەنگری ئێرانن؛ لە بەرەنجامیشدا لایەنەکان بەئەرێنی سەرنجی هاتنەوەی سەدر دەدەن، چونکە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیە بۆ هەژموونی ئێران لە وڵاتدا.

بەڵام پێویستە ئەوەیشمان لەیاد نەچێت کە گەڕانەوەی سەدر لە پرتاوێکدا نییە و خۆیشی ناخزێنێتە ناو گفتوگۆی سیاسی، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕەوتەکەیەوە وەک پشتیوانی جەماوەر دەگەڕێتەوە؛ لەوانەیشە هەماهەنگی لەگەڵ چەند لایەنێکدا بکات. زیاتر جەختی لەسەر ئەوە دەبێ کە پێویستە سەرکەوتنێکی مسۆگەر بۆ خۆی یەکلا بکاتەوە و لە 70 کورسی نابێ کەمتر بێنێ، چونکە تا ئێستایش سەرکەوتنەکەی ساڵی 2021 بە مافێکی زەوتکراوی خۆی دەزانێ.

**ئاسۆکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق**

لە سێ باردا ئاماژەی هەڵبژاردنی پێشوەختە بەدەردەکەون: بارودۆخەکە تێک بچێ و پشێوی و ئاژاوە بکەوێتەوە و هاوکێشەکانی ناوچەکە بەرەو هەڵکشانی خراپ بچن یان عێراق دووچاری مایەپووچی ببێ و ئەمریکا گوشارەکانی بۆ سەر حکوومەتی عێراقی زیاتر بکا، لە کاتێکدا کە لەگەڵی نەگاتە ئاکام. دووەم خاڵ ئەوەیە کە لێکترازان لەناو بونیادی هاوپەیمانیی دەسەڵات بکەوێتەوە و چوارچێوەی هەماهەنگی دووچاری پەرتبوون ببێ. سێیەم، سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و داواکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و پشتیوانیکردنیان لەلایەن ڕەوتی سەدرەوە، چونکە چوارچێوەی هەماهەنگی تەواوی پەیمانەکانی بۆ گەلی عێراق و کورد و سوننە نەبردە سەر، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەیرانەکان زیاتر پەرە دەسێنن و حکوومەتی عێراقیش توانای چارەسەرکردنیانی زۆر کەمە.

**بەڵام هەڵبژاردنی پێشوەختە بە کام یاسای هەڵبژاردن؟**

گومان لەوەدا نییە کە دەبێ یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە و سیستەمی هەڵبژاردن تێیدا بگۆڕدرێ، چونکە ئەوەی کە هەیە لە بەرژوەندیی هەژموونی ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگییە و هێز لای چەند ڕەوتێکی وەلائی و میلیشیا چەق بۆتەوە و تەعبیر لە ویست و ڕای گشتیی گەلی عێراق ناکات. هەر بۆیە چارەسەری کێشەکان لەوێوە ئەستەم دەبێت.

**کورد دەبێ چی بکات؟**

- دەبێ خۆی بۆ پێشهاتەکان ئامادە بکات و یەکڕیزیی ناو ماڵی کورد لە جاران زیاتر دەخوازێ.
- ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان؛ ئەو هەڵبژارنەی کە پرۆسەکە تێیدا شەفاف و دیموکراسی بێت و لەلایەن ئەجێندای دەرەکییەوە ئاڕاستە نەکرابێ.
- جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.
- ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، بەتایبەت گرفتی مووچەی فەرمانبەران و شایستە دەستوورییەکان بەپێی یاسای بوودجە.
- دەبێ سەرۆکایەتیی هەرێم ڕۆڵی نیشتمانی و مەرجەعی سیاسیی هەرێم ببینێ و جەخت لەسەر ڕێککەوتنی دۆکیۆمێنتاری بکاتەوە نەک تەنیا سەردانی دیپلۆماسی.
- دژایەتیکردنی گەندەڵی بە هەموو شێوازەکانییەوە و لەسەر هەموو ئاستەکان، چونکە گەندەڵی

خۆرەی دەسەڵاتە.

- هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئێستا بۆ فرەبازنەییی 83 بازنە، یان عێراق ببێتە یەک بازنە، چونکە تەنیا ئەو دوو شێوازە لە بەرژەوەندیی کوردە.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ هەندێ لایەنی میانڕەوی ناو هەماهەنگی و سەدر و سوننە.
- پاڵپشتیکردنی سوودانی بۆ هاتنەناو پرۆسەی سیاسی بە لیستی سەربەخۆی خۆی، یان پێکهێنانی هاوپەیمانی.
- دەبێ پەیوەندییە دیپلۆماسییە هاوسەنگەکانی هەرێم و سەرۆکایەتی بەردەوام بن؛ لەوەیش زیاتر، پێویستە لایەنە کوردییەکانی هەرێم پشتگوێ نەخرێن.
- پاراستن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران وتورکیا.
- هێنانەناوەوەی یۆنامی و دەوڵەتانی هاوپەیمانان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان لەگەڵ بەغدا.
- پێویستە پێداچوونەوەیەکی ورد و دروست بە پرۆسەکەدا بکرێتەوە و لە هەڵەکانی پێشوو پەند وەربگیرێ.